# حزب بەرو عەقلانیەتبوونو شکاندنی عەقڵە دۆگمایيەکان

مەجید ساڵح

ژمارەیەکی زۆری خەڵك بەلایانەوە گرنگ نییە تەنانەت پێناسەیەکی کورتیو سەرەتایی لە "حزب" بزانن، چونکە ئەوان حزبایەتی بە دیاردەیەکی پوچو بێسوود دەزاننوئەزموونیان لە گەڵ سیاسەتمەداراندا پڕە لە وەعدو پەیمانی جێبەجێنەکراو. ئەم مەسەلەیە زیاتر بەرۆکی ئەو کۆمەڵگایانەی کە لە حاڵەتی پێشکەوتندان دەگرێتەوەو بەو پێیەی کومەڵگای کوردستانیش لە پاش راپەڕینی 1991 پێی ناوەتە ناو قۆناغێکی نوێوە؛کاتێك حزبە سیاسیەکانی کوردستانی باشور قۆناغی نهێنی بوونیان تێپەڕاندو بوون بە خاوەن نیمچە دەسەلاتێك ئەو رەونەقو خۆشەویستیەی سەردەمی شاخیان نەماوبە هۆی ئەو هەڵە کوشندانەی کە لە سەردەمی دەسەلاتی بەرەی کوردستانیدا کردیان؛ بە تایبەتی لە ئاودیوکردنی ژێرخانی کوردستانوشەڕی درێژخایەنی کورد بەکوشتنداو گەندەڵی ئیداری، کەوتنە ژێر کۆمەڵێك پرسیاروگومانەوەو ئەو تێڕوانینانەش بە شێوەیەکی فراوان تاکو ئێستا بەردەوامەو بگرە زۆر جار نوخبەی رۆشنبیر بانگەشەی ئەوەیان کردوە با حزبایەتیو ئەندام بوون لە حزبدا نەمێنێت. تێڕوانینێکی لەو چەشنە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە لە دوای راپەڕین حزبە سیاسیەکامنی کوردستان لەوە دەرچوون کە بە تەنیا حزبی سیاسی بنو هەوڵی بەدەست هێنانی دەسەلاتی سیاسی بدەن لە رێگەی هەڵبژاردنەوە، بەڵکو ببونە تەجەموعێکی چەکداریو زۆرجاریش لە مافیایەکی بەهێز دەچوونو ناوچەیەکی بەرفراوانیان بۆخۆیان قۆرخ دەکردو بەهاوکاری هەندێك ولاتی دەوروداوسێ سەرانەوباجو گومرکیان کۆدەکردەوەو تا پێیان دەکرا نفوزی حزبە نەیارەکانیان لە رێگەی بەکارهێنانی هێزەوە لە سنوری خۆیاندا نەدەهێشت یان کەم دەکردەوە. بەجۆرێك دەکرێت بڵێن ئەو ئامانجانەی کە حزبەکان لە پێناویدا درووست ببون فەرامۆشکران. ئێستا کە چوار ساڵ زیاترە رژێمی بەعس لە عیراقدا روخاوەو گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە هەموو ئاستەکاندا روویانداوە ئایا دەکرێت کوردەواری بە هەمان چاوەوە تەماشای حزبایەتی بکات؟ ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە حزبەکانی کوردستان بە بەرنامەو هەڵەو کەموکوڕیەکانی خۆیاندا بچنەوەو بە شێوەیەك خۆیان رێکخەنەوە لە گەڵ ئەم هەلومەرجەی ئێستاو ئەو هەموو گۆڕانکاریانەدا بگونجێن؟ دواتر ئایا کاتی ئەوە نەهاتوە حزبێکی مۆدێرن لە باشوری کوردستاندا دامەزرێت کە مافی بەشداری سیاسی بۆ ئەو نەوە نوێیە دابین بکات کە تێڕوانینو خولیاو بۆچوونیان زۆر جیایە لەو حزبانەی کە ئێستا لە گۆڕەپانی سیاسی کوردستاندا هەن؟ هەموو ئەو پرسیارانە بەجێدێڵین بۆ تەوەرێك کە ماوەیەکی تر لە رۆژنامەدا لە سەر سیستەمی حزبایەتی لە کوردستانی باشور دەیکەینەوە. بەلام ئەوەی مەبەستمە لێردا بیخەمە روو سەرەتایەکی پێویستە بۆ ناسینی حزب وەك ناوەندێکی گرنگ و پێویست لە کۆمەڵگا دیموکراتو مۆدێرنەکاندا. دامەزراندنی حزبە سیاسیەکان بە یەکێك لە گەورەترین دەستکەوتەکانی ژیانی سیاسی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە سەدەی نۆزدەیەم دێتە ژماردن. دروستکردنی حزبە سیاسییەکان داهێنانێکی سیستەمی سیاسی مۆدێرنەو خزمەتێکی گەورەی بە رژێمە سیاسیە لیبرالو دیموکراتەکان کردوەو تەنانەت رژێمە دیکتاتۆریو تۆتالیتارەکانیش کەڵکیان لێوەرگرتووە. لە دوو سەدەی رابردوودا حزبە سیاسیەکان دوو رۆڵیان گێڕاوە، لە لایەك بوونەتە هۆی بەخشینی رەوایی بە هەندێك دەسەلات" ولاتانی ئۆروپای رۆژئاوا بە نمونە"و لە لایەکی ترەوە بونەتە داردەستێك بۆ سەرکوتکردنو چەوسانەوە "حزبی بەعس" وەك نمونە.

بەلام حزب چییەو ئامانج لە دروستکردنی حزب چییە؟ ئەمە ئەو پرسیارە سادەیەیە کە زۆربەکەمی لە ناو توێژی خوێنەواری ئێمەدا کراوەو لە ولاتانی تردا زۆرترین پانتایی گرتووە. سەرەتایترین پێناسەی حزبی سیاسی ئەوەیە "گروپێك" کە یەك بەرنامەی سیاسیو کۆمەڵە ئامانجێکی تاکتیکیو ستراتیژیان هەیە کۆدەکاتەوە. ئەو گروپە لە سەر بنەمای بەرنامەیەکی کاری هاوبەش کەپێی دەوترێت "پەیڕەو و پرۆگرام" هەنگاو دەنێنو ئەرکو بەرپرسیارێتی رێکخستنو دارایی بە سەر ئەندامانیدا دابەش دەکرێت. لە ولاتە دیموکراتیەکاندا ئامانج لە دامەزراندنی حزب گرتنە دەستی دەسەلاتە لە رێگەی هەڵبژاردنەکانەوە. بە شێوەیەکی گشتی حزبەکان پردی پەیوەندین لە نێوان جەماوەرو حکومەتدا، بە مانایەکی تر حزب میکانیزمێکی گونجاوە بۆ بەشداریکردنی جەماوەر لە دەسەلاتی سیاسی ئەویش لە رێگەی هەڵبژاردنی نوێنەرەکانی خۆی لە هەڵبژاردنەکاندا. "شات شنایدر" لەوبارەوە دەڵێت: "بێ هیچ دوودڵییەك سەرهەڵدانی حزبە سیاسییەکان نیشانەیەکی بەرجەستەی حکومەتە مۆدێرنەکانە؛ لە لایەکەوە ئەوە حزبە سیاسیەکان بوون

دیموکراسییان داهێناو لەلایەکی تریشەوە دیموکراسیی مۆدێرن بە بێ حزبە سیاسیەکان توانای خۆڕاگرتنو مانەوەی نییە، بۆیە پەیوەندییەکی پتەوو دوولایەنە هەیە لە نێوان دیموکراسیەتو حزبە سیاسییەکاندا". لەمەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی تاکو سیستەمی حزبایەتی لە هەر وڵاتێکدا لاواز بێتو تاکو حزبە سیاسیەکان ئەو رۆڵەی کە لە پێناویدا دامەزراوون بە راستەقینەی نەگێڕن، دیموکراسیەت بەرەو لاواز بوونو نەمان هەنگاو هەڵدەنێت. سیستەمی ئەندام بوون لە حزبە سیاسیەکاندا کراوەیەو لە رووی گرنگی پێدانیشەوە حزبەکان خۆیان بە مەسەلە کورتخایەنەکاوە نابەستنەوە، بەڵکو ئەو بەرنامەی کە هەیانە لە سەر ئاستی نیشتمانی نەتەوەیی کاری پێدەکرێت، هەر ئەوەشە حزب لە هەندێك رێکخراو گروپی دیکەی گوشار جیادەکاتەوە. حزبە سیاسیەکان لە سەر سێ ئاستی جیاواز بەڵام پێکەوە گرێدراو کاردەکەن. یەکەمیان لەسەر ئاستی هەموو کۆمەڵگا وەك یەکەیەکی لێکدانەبڕاو. حزبەکان کاربۆ ئەوە دەکەن چینو توێژەکانی کۆمەڵگا بەرنامەو ئامانجەکانی ئەوان قەبوڵبکەن. دووەهەم لە سەر ئاستی سیستەمی سیاسی حزبە سیاسیەکان لەم ئاستەیاندا لە رووی کاریگەریو پراکتیکیەوە زیاتر دەردەکەون، چونکە دەبنە ناوەندێك کە کۆمەڵگا لە رێگەیانەوە (لە چوار چێوەی ئەندام بوونو نوێنەرایەتیو...) هەم خۆی دەسەلمێنێتو هەمیش بەشداری چالاکی سیاسی دەکات. لە دواینو سێیەمین ئاستیش ژیانی سیاسی رۆژانەیە، لەم ئاستەیاندا حزبە سیاسیەکان دەتوانن لە هێنانی هێزو وزەی نوێ رۆڵێکی کاریگەر بگێڕن. بەمانایەکی تر حزبەکان دەتوانن هانی ژنانو لاوان بدەن رۆڵی خۆیان لە گۆڕەپانی سیاسیدا بگێڕن. لە راستیدا حزبەکان میکانیزمێکی گونجاوو کاران بۆ بەشداری پێکردنی سیاسی چینو توێژەکانی کۆمەڵ.

لە سەرەتادا باسمان لەوە کرد حزبی سیاسی لە کوردستاندا تا رادەیەکی زۆر لە بەرچاوی خەڵك کەوتووەو نەوەی نوێ کەمترین باوەڕی بە حزبایەتی ماوە. بەڵام ئایا کورد لە حزبایەتی کەڵکی وەرگرتووە؟ بزوتنەوەی کوردایەتی لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا، تا ئەو دەمەی خۆی لە چوارچێوەی چەند حزبو رێکخراوێکی سیاسی خاوەن ئایدۆلۆیایەکی دیاریکراودا رێکنەخست؛ نەیتوانی هەموو چینو توێژەکانی کۆمەڵگای کوردەواری بە شێوەیەکی ریکخراو بخاتە خزمەت ئامانجو ستراتیژی خۆیەوە کە زۆرجار لە بڕگەیەکی زەمانی دیاریکراودا خۆی لە رزگاربوون و سەربەخۆیی کوردستانو هەندێك جاریش بە هۆی بارودۆخی پەیوەست بە خۆییو ناوچەکەو دونیا تەنیا لە چەند خواستێکی کولتوریو ئۆتۆنۆمییەکی سنورداردا خۆی پێناسە دەکرد.

وەك چۆن لە زۆر رووی ترەوە کوردەواری خەسارەت ناسی خۆی هەیە، ئاواش ژیانی حزبایەتی لە کوردستاندا بە پێی قۆناغو گۆڕانکارییەکان کێشەوگرفتو سەرکەوتنو داکەوتنی بە خۆیەوە دیووە. جاری وا هەبووە حزب بووەتە بار بە سەر کوردەوارییەوە جاری دیکەش هەبووە حزب نەبووایە کوردو نیشتمانەکەشی هەڕەشەی فەوتانو نەمانیان لە سەرهەبووە.

بە هەر حاڵ ئەم بابەتە دەکرێت بە سەرەتایەك بێتە ژماردن بۆ قسەکردن لەسەر حزبایەتی لە کوردستانداو دەرگاش والآیە بۆ نوسەران تاکو بە نوسینەکانیان زانیاری زیاتر لەوبارەوە بخەنە روو.